کومیتەی ناوەندیی
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

کومیته ی مرکزی
کومه له _ سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران

## راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە:

# سوپاسگوزاری بەبۆنەی بەشداری لە ئاهەنگەکانی رۆژی ٢٦ی رێبەندان

٢٦ی رێبەندانی ئەمساڵ، هەروەکوو هەمووان شاهید بوون، بە شکۆدارترین و گەرم و گوڕترین شێوە لە هەموو کوردستان بەرێوە چوو. بەشداریی جەماوەری خەڵك بەشێوەی جۆراوجۆر، هەر لە بڵاو کردنەوەی تراکت و راگەیاندنەکانی کۆمەڵەوە کە ئەمساڵ زوربەی هەرە زۆری شار و گوندەکانی کوردستانی داپۆشی، تاکوو بەرێوە بردنی ئاهەنگ و مەراسیمی جۆراوجۆر، جەژن گرتن لەناو کوڕ و کۆمەڵی گەورە و بچووك، سەردانی بنەماڵەی گیان بەختکردووان و چوونە سەر گڵکۆی یارانی لەدەستچوو بۆ رێزگرتن و یادکرنەوە و، تاکوو ئاگر کردنەوە لە شاخ و بەرزاییەکان، شایی کردن و بڵاو کردنەوەی شیرینی، ئاهەنگە گەورە و پڕلە هەستەکانی دەرەوەی وڵات و، زۆر شێوەی تر، بەراستی بێوێنە بوو.

هەروەکوو لە پەیامی کۆمیتەی ناوەندیدا پێشبینی کرابوو، رۆژی کۆمەڵە بەبەرینایی کوردستان، لەسەر شەقامەکان، لەشوێنی کار و خوێندن، لە کۆڕوکۆمەڵی تێکۆشەرانی ناو شار و لادێکان، لە مەیدانی چالاکیی گەرم و خەباتکارانەی لاوان، لەنێوماڵان و لەلای دایکان، لە بنەماڵەی گیان بەخت کردووان و زیندانیانی سیاسی و تێکۆشەرانی دێرین، لە نێو تێکۆشەرانی دوورەوڵات و کەسایەتییە سیاسی و رۆشنبرییەکان و دۆستانی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، بوو بە رۆژی پێك گەیشتنەوە و یەکگرتنەوەی هەموو تێکۆشەرانی رێگەی ئازادی و سۆسیالیزم و بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد. ئەوساڵیش ئاهەنگەکانی رۆژی کۆمەڵە کرانە بەڵگەی زیندوو بوون و خەباتکاریی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و گەشەدار بوونی خەتی رادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەی ناو ئەو کۆمەڵگایە.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، بەم بۆنەیەوە پێشەکی سوپاسی خۆی ئاراستەی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان دەکا کە وەها بەفراوانی لە رۆژی کۆمەڵە بەشداریان کرد و نیشانیان دا کە بەهەق رۆژی کۆمەڵە بە رۆژی خۆیان دەزانن. ئێمە هەروەها سوپاسی گەرمی خۆمان ئاراستە دەکەین بۆ گشت بەشداربووانی رێ و رەسمی رۆژی کۆمەڵە لە هەموو شوێنێك، بۆ هەموو لاوانی شۆرشگێڕی کوردستان کە بە چالاکی و جەسارەتی خۆیان درپان بە دەسەڵاتی رژیمی گەندەڵی کۆماری ئیسلامی دا و سەرتاسەری کوردستانیان کردە مەیدانێکی گەورەی تێکۆشان، بۆ کچانی تێکۆشەر کە بەهەق ئازادی خۆیان

**لەگەڵ گەشە کردن و سەرکەوتنی کۆمەڵە لەیەک گرێداوە و لەو بۆنەیەشدا درێغیان نەکرد، بۆ هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە کە بە ئەرك و تێکۆشانی ورد و ماندوویی نەناسانەی خۆیان لە ژێر سێبەری ڕەشی حکوومەتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی لە لادێ و شارەکان بیست و شەشی ڕێبەندانیان بەرز ڕاگرت و ئەو فرسەتەیان ڕێکخست، بۆ دایکان و باوکان کە کوانووی گەرمی ئامێزیان بێدریغ بۆ نەسلی تازەی خەباتکار کردەوە، سوپاس بۆ بنەماڵەی بەڕێزی گیان بەختکردووان و زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگەکان کە بەهەق وەکوو خاوەن ماڵی کۆمەڵە کاریان کرد، بۆ پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکان کە بەشداری و چالاکیان ئەوساڵ لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات بەتایبەتی بەرچاو بوو و نیشانیان دا کە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ حیزبی کۆکەرەوەی هەموو تێکۆشەرانی کۆمەڵەیە لە هەر شوێنێك هەن و ئالاَیەکە بۆ گشت تێکۆشەرانی خەتی کۆمەڵە لە کۆن و نوێوە، بۆ کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرییە بەڕێزەکان و دۆستانی خۆشەویست و بەوەفای کۆمەڵە کە بەهاتنیان بۆ ئاهەنگەکانی ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان پەیوەند و دۆستایەتی خۆیان لەگەڵمان نوێ کردەوە و ڕەونەقیان بەو مەراسیمانە بەخشی، بۆ هەموو ئەو هونەرمەندە خاوەن بەهرە و خۆشەویستانە کە دەنگی زوڵاڵ و پەنجەی ڕەنگینیان خستە پێناو بەخشینی شادی بە ڕۆژی چەوساوەکانی کوردستان، سوپاس و دەستخۆشی بۆ هەموو بەڕێوەبەرانی ئەو ئاهەنگانەش دەنێرین کە دیار و نادیار بەبۆنەی بەڕێوە بردنی ئەرکەکانی ئەو ڕۆژەوە ماندوو بوون، مایەیان لە خۆیان دانا بۆ ئەوەی کە ئەو ڕۆژە بە شکۆ و ڕازاوەیی و ڕێك و پێکی هەرچی زیاترەوە بەڕێوە بچێ و بەڕاستیش لەو ئەرکەدا سەرکەوتوو بوون. بەڵێ، سوپاسی گەرمی خۆمان بۆ هەموو ئەو خۆشەویستانە دەنێرین و ئاواتی شادی و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.**

**هەروەها بە پیویستی دەزانین سوپاسی گەرمی خۆمان پێشکەش بە هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتییە کوردستانی و ئێرانی و خاریجییانە بکەین کە بە بەشداری خۆیان و ناردنی پەیامی پیرۆزبایی، هاوخەباتی و دۆستایەتی و ڕێزی خۆیان بۆ کۆمەڵە نیشان دا و ئێمەش ڕێز و پێزانینی خۆمانیان ئاراستە دەکەین.**

**لە کۆتاییدا، ئاواتی ئەوە دەخوازین کە ئاهەنگی داهاتوومان جەژنی سەرکەوتن بەسەر دوژمنان و ڕۆژی ئازادی خەڵکی کوردستان و گشت ئێران بێت.**

**مەرگ و نەمان بۆ ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی!**
**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم!**
**سەرکەوتوو بێ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد!**
**هەر شەکاوە بێ ئالاَی سووری کۆمەڵە!**

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**٨ی ڕەشەمەی ١٣٨١ی هەتاوی، ٢٧ی فیوریەی ٢٠٠٣ی زایینی**

---

www.komala.org

e.mail:komala1348@hotmail.com

شماره تلفن های نمایندگی کومه له در شهر سلیمانیه, کردستان عراق:
تلفن : **3124711**

موبایل : **00447005991989**